# با هەڵمەتی کۆنەپارێزان دژ بە رامانی ئازاد لە قاو بدەین

ماوەیەکە بە ئاشکرا پیلانگێڕی دژ بە وشەو رامانی ئازاد درێژەی پێدەدرێ، بەمەبەستی خنکاندنی پەیڤەکان و بۆ ریسواکردن و ناوزڕاندنی کاروانی پێشکەوتنخوازی تۆمەتی ناڕەوا بۆ رۆژنامەوانان هەڵدەبەستریێ، هەستی مرۆڤە دەروونپاکەکان دەوروژێندرێ و داغانیان دەکەن، بۆ دژایەتیکردنی گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوەکان هانیان دەدەن، بەبەرچاوی دادگەو ئاسایشەوە هەڕەشەی کوشتن لە نووسەران و رۆژنامەوانان دەکرێ، خەڵک هاندەدرێ تا بەگژ قەڵەمە نوێخوازەکاندا بچنەوە. بەوهۆیەشەوە سنووری ئازادی وشەو رامان بەرتەسک دەکرێتەوەو بەرەو چاڵی مەرگ شۆڕی دەکەنەوە!

ئێستا رەوشەکە هێندە ئاڵۆزو داخبار بووە، هەر کەسێک بڵێ لەل، هەڵمەتی ناوزڕاندنی لەدژدا بەڕێوەدەبەن، سکاڵای لەدژدا تۆماردەکەن و پەلکێشی دادگەی دەکەن و پەروەندەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەست پێدەکەن، ئەمەش وا دەخوازێ کە نووسەران، رۆشنبیران، ئازادیخوازو نوێخوازانی کوردستان شێلگیرانە سەنگەر بگرن و دژ بەلۆژیکی کۆنەپارێزان رابوەستن و لە قاویان بدەن.

راستیەکەی جێی شەرمەزاریە کە لەماوەی یەک هەفتەدا داوای داخستنی دوو گۆڤار بکرێ، سکاڵا لە دژی دەیان رۆژنامەوان تۆماربکرێ و داوای سزادانیان بکرێ! مایەی نەنگی و شورەییە کە لە مینبەری پیرۆزی مزگەوتەوە تۆمەت وەپاڵ رۆژنامەوانان بدرێ و بە سوکی ناویان بهێندرێ! هەر بەوهۆیەوە ئێمە کە لە خوارەوە واژۆمان کردوە، لەکاتێکدا کە هەڵمەتی کۆنەپارێزان دژ بە ئازادی رامان ریسواو مەحکوم دەکەین، لەهەمان کاتدا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە سنوورێک بۆ ئەو کەس و لایەنانە دابنێ کە هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر رۆژنامەوانان و سوکایەتی بە بڵاوکراوەکان دەکەن. هەر لەوپێوەندەشدا دەخوازین کە رێی دیالۆگ و گفتوگۆ سەرپشک بکرێ و دەرگەی تۆمەتبارکردن و سوکایەتی پێکردن کڵۆم بدرێ.

**داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە سنوورێک بۆ ئەو کەس و لایەنانە دابنێ کە هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر رۆژنامەوانان و سوکایەتی بە بڵاوکراوەکان دەکەن.**

**ناوەکان:**

1- رێکار ئەحمەد، سکرتێری گشتی حزبی رزگاریی کوردستان
2- ئاری حوسێن، سەرنووسەری هەفتەنامەی رۆژی گەل
3- چالاک محەمەد، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی رزگاری
4- شێرکۆ بێکەس، بەڕێوەبەری گشتی دەزگەی سەردەم
5- هێمن کەریم، سەرنووسەری گۆڤار فشار
6- نزار محەمەد، سەنووسەری گۆڤاری هاوبیر
7- پۆلا بەرزنجی، سەرنووسەری گۆڤار وردبین
8- دانا سلێمان، سەرنووسەری گۆڤار دەنگ
9- فریاد هیرانی، سەرنووسەری گۆڤاری راستەڕێ
10- عومەر فارس کەریم، بەرپرسی سایتی کوردستان نێت
11- رێبەر رەشید، سەرنووسەری رۆژنامەی پردێی ئازاد
12- ئامانج عەلی، بەرپرسی رادیۆو تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشان
13- زانا خەلیل، نووسەرو شاعیر
14- برایم جەهانگیری، رۆژنامەنووس لە کەنەدا
15- فەرید مەخموری، رۆژنامەنووس
16- هۆشەنگ شێخ محەمەد، رۆژنامەوان
17- دڵزار حەسەن، رۆژنامەوان
18- فرمێسک خدر رەشید، ئەندامی دەستەی نووسەرانی پردێی ئازاد
19- شێرزار عومەر مەحمود، سەرنووسەری گۆڤاری ئێوە
20- سەروەت محەمەد رەحمان، بەڕێوەبەری گۆڤاری ئێوە
21- عەباس رۆستەم، نووسەرو تێکۆشەری دێرین
22- هیوا محەمەد، نووسەر
23- حاجی ئەنوەر، نووسەرو پێشمەرگەی دێرین
24- سەرباز عەبدولڕەحمان، نووسەرو رۆژنامەنووس
25- تەرزە جاف، نووسەرو رۆشنبیر
26- زانا گەلاڵی، رۆژنامەنووس لە نەرویج (نۆرویژ)
27- سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم، رۆژنامەنووس
28- غەفور هیرانی، رۆژنامەنووس/ رانیە
29- باوەش سەباح پیربال، رۆژنامەنووس، خوێندکاری بەشی هونەر/ روسیا
30- بەڕێز حاجی، رۆژنامەنووس
31- عەلی سالح بەرزنجی، رۆژنامەنووس و ئازادیخواز
32- تاهیر رەحیم، نووسەر/ ئەڵمانیا
33- شوکر سەعید، بەڕێوەبەری نووسین لە گۆڤاری شێوەکاری
34- سەرۆ قادر، نووسەرو رۆژنامەنووس
35- سۆنیا سدیق، سەرنووسەری گۆڤاری تاو
36- ماهیر عەلی، نووسەر/ سوێد
37- هەورامان عەلی، نووسر / فینلاند
38- سەعدوڵڵا برایم خان، خاوەن ئیمتازی گۆڤاری وردبین
39- محەمەد رۆستەمزادە، مامۆستای کۆلیژی هونەرە جوانەکان
40- سەباح محەمەد عەزیز (شەماڵ)، رۆژنامەنووس

**رۆژنامەنووس و نووسەرانی هێژا! ئێوەی بەڕێزیش دەتوانن ناوی خۆتان تۆمار بکەن و پشتیوانی لێبکەن، دەتوانن پەیوەندی بەم ئیمایلانەوە بکەن:**

rojiigel@hotmail.com

pola.kawa@yahoo.com

# بۆ یەکەمین جار سەرکۆماری روسیا سەردانی سوریە دەکات



دیمیتری مێدڤیدیڤ، سەرۆکی روسیا سەردانی سوریای کردو چەندین رێککەوتننامە مۆرکرد.

ئاژانسی هەواڵی ئیتار تاسی روسی لەزاری بەرپرسی بەشی بازرگانی چەک رایگەیاندووە کە روسیا رازیبووە تا چەکی دژە فڕۆکەو تانک و سیستەمی بەرگری بە سوریا بفرۆشێت. هەروەها سەرۆکی دەزگەی فیدراڵی بۆ هاوکاری تەکنەلۆژیا، میخائیل دیمتریڤ گوتویەتی: وڵاتەکەی فڕۆکەی جەنگی مێگ 29 و موشەکی بالیستیکی بوار کورت بە سوریا دەفرۆشێت، ئەوەش لە میانەی رێککەوتنێکدا کە سەرۆکی هەردوو وڵات ئیمزایان کردوە.

هەرچەندە کە میخائیل دیمتریڤ جۆری ئەو چەکەی دیاری نەکردوە کە دژی فڕۆکەو تانک بەکار دەهێنرێت، بەڵام چاودێران پێیانوایە کە جۆری پێشکەوتووە، کە تا ئێستا هیچ وڵاتێکی عەرەبی نیەتی. بەگوێرە زانیاریەکان ئەو چەکە دەتوانی لە دووری 20 کیلۆمەتردا ئامانج بپێکێ، مەبەستیش پاراستنی دامەزراوە سەربازیەکانی سوریایە.

چاودێرانی سەربازی پێیانوایە کە ئەو چەکە تەنیا بۆ بەرگری بەکار دەهێنرێ و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وێنەی نیە، بەڵام فرۆشتنی بە سوریا لەنێو بازنەی بەرژەوەندەکانی سیاسەتی دەرەوەی روسیادا جێی گرتووە.

فرۆشتنی چەکی پێشکەوتووی روسیا بازنەی ئابلۆقەی سەر سوریا کەمبایەخ دەکات، کێشە بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا دروست دەکات، چونکە ئەوان بەبیانۆی ئەوەی کە دیمەشق هاوکاری گروپە توندڕۆکان دەکات، بازنەی گەمارۆیان لەسەر توونند کردبوو، بەڵام بە کڕینی ئەو چەکانە ئەو بازنەیە کەمڕەنگ دەبێ و سوریاش دەتوانێ باشتر هەناسە هەڵبکێشێ و پێوەندیەکانی خۆی لەگەڵ وڵاتاندا گەشە پێبداتەوە.

هەربۆیە لە کاردانەوەیەکدا، دوێنێ 15ی ئایار بەرپرسێکی باڵای حکومەتی ئیسرائیل رەخنەی توندی لە رووسیا گرت و نیگەرانی خۆی لەمەڕ پێدانی ئەو چەکانە بە سوریا دیارکرد.

جێی ئاماژەیە کە ئەمە یەکەمین جارە سەرۆکێکی روسیا سەردانی سوریا بکات.

**کامەران عیسا**

# رۆشنبیرانی ئەمریکا، ئۆباما بە تاوانباری جەنگ دادەنێن



ژمارەیەک هونەرمەند، رۆشنبیرو ئەکتەری ئەمریکی لەبەیاننامەیەکدا کە رۆژی هەینی 13ی ئایار بڵاوکراوەتەوە رەخنەی توونديان لە باراک ئۆباما، سەرۆکی وڵاتەکەیان گرتووەو وەک تاوانباری جەنگ ناویان هێناوە، بەوە تۆمەتباریان کردوە کە هاودەستی لە تاوانی جەنگ کردوە و مافی مرۆڤی لەژێر پێناوە.

لەبەیاننامەکەدا کە وێنەی جۆرج بووش و باراک ئۆبامای لەسەرە، وەک ئەو بڵاوکراوانە وایە کە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی **ئێف بی ئای** بۆ ناساندنی تاوانکارو داواکراوان بڵاوی دەکاتەوە، هەردوو سەرۆکی ئێستاو پێشووی وڵاتەکەیان وەک تاوانباری جەنگ ناساندوە.

جێی ئاماژەیە کە رۆژی 14ی ئایار گۆڤاری نیویۆرک ریفیۆ ئۆف بۆکس بەیاننامەکەی بڵاوی کردۆتەوە، کە تێیدا باراک ئۆباما بە شوێنهەڵگری جۆرج بووش لێکدراوەتەوە، سەبارەت بە سیاسەتی ئاسایش لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ لە ئەفغانستان و عێراق دا.

بەیاننامەکە ئەوەی وەبیر هێناوەتە کە باراک ئۆباما رەخنەی لە جۆرج بووش دەگرت، بەڵام لەبەردەم رۆشنبیرانی چەپدا تیشکی سەوز دەدا بۆ کوشتنی ئەو مەلایە توندڕۆیەی ئەمریکی کە ئێستا لە یەمەن خۆی شاردۆتەوە و هاوکاری رێکخراوی ئەلقاعدە دەکات.

بەگوێرەی بەیاننامەکە ئێستا رەوشەکە زۆر لەسەر دەمی جۆرج بووش خراپتر بووە، بەڵام هەرگیز بووش بە ئاشکرا بڕیاری کوشتنی هاوڵاتیانی ئەمریکی نەدەدا. بەیاننامەکە دەڵێ ئێستا باراک ئۆباما هەمان رێچکەی بووش هەڵدەگرێتەوە، لەسەر داوا و سکاڵای سی ئای ئەی بڕیاری کوشتنی خەڵک دەدات.

بەیاننامەی رۆشنیران و هونەرمەندانی ئەمریکا زەنگێکی ترسناکە بۆ داهاتووی باراک ئۆباما، هەروەها لەلایەکی دیکەشەوە ئاستی هۆشیاری خەڵکی ئەمریکا دەردەخات کە هەرگیز لە سەرۆکێک پەسند ناکەن کە درۆیان لەگەڵدا بکات و لەگەڵ بەڵێن و پەیمانەکانی خۆی راستگۆ نەبێت.

لە وڵاتێکی وەک ئەمریکادا خەڵک مافی ئەوەی هەیە کە رەخنە لە سەرۆکی وڵات بگرێ و بە تاوانباری جەنگی بناسێنێ، بەڵام لە وڵاتانی ئاسیاو رۆژهەڵاتی ناڤیندا مرۆڤەکان بۆیان نیە رەخنە لە فەرمانبەرو کاربەدەستێکی خوارەوەش بگرن، هەر ئەوەش وایکردوە کە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤین بە دواکەوتوویی بمێننەوەو پێشنەکەون.

**سەربەست کانەبی**